# هەواڵ هەواڵ

## بکوژێک ئاشکرا دەبێ

بەگوێرەی سەرچاوەیەکی هەواڵ لەپیرمام، خوێندکار ( هێرش فەریق) کە لە مانگی رابردوو لەخوێندنگەی کۆڕێ رفێنراو دوای چەندین رۆژ تەرمەکەی لەنێوان گوندی ئاژگەو زیارەتی دۆڵی کۆڕێ دۆزرایەوە ، ئێستا بکوژەکەی ئاشکرا بووە.

بە وتەی پۆلیس بکوژەکەی هێرش کە ئامۆزای خۆیەتی، بەهۆی بوونی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ئەم کارەی ئەنجامداوە و لەلایەن پۆلیسەوە دەسگیرکراوە . شیاوی باسکردنە بەپێی رێکەوتنی نێوان هەردوو خێزان کە برای یەکترن لەگەڵ بنەماڵەکەیان داوایان لەدەزگای حکومەت کردووە کە بکوژەکە بکوژرێتەوە بۆ ئەوەی کێشەکە بەیەکجاری بنبڕ بکرێ، بەڵام بەرپرسانی حزبی ناوچەکە ناوچەی لەپیرمام لەهەوڵی ئەوەدان دایک و باوکی کوژراوەکە هێوربکەنەوە لەو بڕیارەپاشگەزیان بکەنەوە، ئەوسا دۆسیەکەرەوانەی دادگەبکری و بەیاسایی سزا بدرێ.

## رانیە: پسوڵەی نەوت کێشە دەنێتەوە

دوای ئەوەی ماوەیەکی درێژ خەڵکی دەڤەری راپەڕین لەچاوەروانی دابەشکردنی بەشەنەوتی خۆیان بوون، بەڵام کاتێ بێ هیوابوون پسولەکانیان بەنرخێکی هەرزان فرۆشت، کەچی لەم ماوەیەدا دەست بەدابەشکردنی نەوت کراوە، بۆیە ئەوانەی پسولەکانیان فرۆشتبوو پەشیمان بوونەتەوەو داوای پارەی زیاتر دەکەن، بەو هۆیەوە ناخۆشی لەنێوان چەندین کەسدا دروست بووە، رۆژی٢٠٠٧/٣/٨ کێشە لە نێوان مفەوەز (م) تەقتەقی و مام شوکر کەرکوکی لەگەرەکی سەرا و کێشەی وەکیلی خۆراک (ع) لەگەڵ (ح.ب) لەگەرەکی سەرا دروست بوو. خەڵکی دەڤەرەکە حکومەت و لایەنە پەیوەندارەکان بە چاوگەی ئەو کێشانە دادەنێن، پێیانوایە ئەگەر لە کاتی خۆیدا نەوت دابەش بکرابایە هیچ کەس ئامادەنەدەبوو کە کۆپنی خۆی بفرۆشێت، ئێستا ئەو کێشانە دروست نە دەبوون .

## بەهۆی مردنی ژنێکی دووگیان پەرستارەکان دەستگیر دەکرێن

ئافرەتێکی دووگیان دانیشتووی ناحیەی سەروچاوە-رانیە لە شەوی ٢٠٠٧/٣/٧ لەکاتی وادەی منداڵ بوونیدا دەیبەنە نەخۆشخانەی منداڵبوونی رانیە، ناوبراو لەحاڵەتێکی خراپ بووەو بە رێکەوت خانمە دکتۆرێکی عەرەبی خەڵکی بەغدا بەناوی (مهاء نوری) ئەوکات ئێشکگر دەبێ، پەرستیارەکان دەڵێن ئێمە داوامان لێ کردووە کەفریای نەخۆشەکە بکەوێ ، بەڵام بەپاساوی ئەوەی سەردانی عیادەی نەکردووە و نەخۆشی ئەو نەبووە، چارەسەری پێویستی بۆ نەکردووە، سەرەنجام شەو درەنگانێک بە هانایەوە چووە ،بەوهۆیەوە خۆی و کۆرپەلەکەی ناو سکی گیان لەدەست دەدەن، دوای سکاڵای بنەماڵەی قوربانیەکە پەرستارەکان دەستگیر دەکرێن و دکتۆرەکەش دەوامی ئاسایی خۆی دەکات و دەنگی لەگەڵ نەکراوە.

## بەدسوودی لە نەخۆشی سەرکۆمار وەردەگیرێ

سەرچاوەیەکی تایبەت بە رۆژی گەلی راگەیاند کە رۆژی ٢٠٠٧/٣/٩ خاوەنی کارگەی مریشکی رانیە لەپێوەندی قوربانیکردن بۆ سەرکۆمار ژمارەیەکی زۆر مریشکی پێشکەش بە نەخۆشخانەکان کرد، ئەو هیوادار بوو کە کارمەندان و نەخۆشەکان سوودیان لێوەربگرن، بەڵام وەک بڵاوبۆتەوە رێژەیەکی زۆر لەو مریشکانە بۆ دکتۆرو یاریدەدەرەکانیان گل دراوەتەوە،تەنانەت هەندێکیان بەمریشکی بەرازیلی کەنرخەکەی هەرزانە ئالوگۆریان پێکراوە!!

## رەوە گورگێک ٦٨ سەر مەڕ مردار دەکاتەوە

شەوی ٢٠٠٠٧/٣/٨ لەتەلانی شەکرۆک لەنێوان شەقڵاوە-هەریر رەوە گورگێک پەلاماری مەڕی چەند شوانێکی گوندەکانی مامەجەلکەو شێخ مەموندیان دەدەن. رەوە گورگەکە توانیویانە زیان بە ٦٨ سەر مەڕ بگەیەنن و مرداریان بکەنەوە، هەر بەوهۆیەوە خاوەنی مەڕەکان داوای قەرەبوو لە شوانەکان دەکەن، شوانەکانیش داوا لە حکومەت دەکەن بە کۆمەکیان بکات و زیانەکانیان بۆ بژمێرێتەوە .

## کچێک دەسوتێ

رۆژی ٢٠-٢-٢٠٠٧ کچێکی تەمەن ٢٤ ساڵ بەناوی (ژ. م) دانیشتووی هەولێر نەوت بەسەر خۆی دادەکات و خۆی دەسووتێنێ. بە قسەی نزیکەکانی ئەو قوربانیە کێشەکە لەوە سەرچاوەی گرتووە کە باوکی هۆشیاری بە کچەکەی خۆی داوەو داوای لێکردووە کە نابێ چیتر لە دەرەوەی ماڵەوە دەستگیرانەکەی خۆی ببینێ، باوکی کچەکە پێیباشبووە تا کاتی مەراسیمی گواستنەوەی تەواو دەبێ، ئەو خۆی لە دیدار و پیاسەی دەرەوە بپارێزێ، کچەکە ئەمە بە سووکایەتی دادەنێ و لەسەر خۆی پەسندی ناکات، بۆیە نەوت بەسەر خۆی دادەکات و ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەدات. کەسوکاری بەمەبەستی چارەسەرکردن بەپەلە بەرەو ئێرانی دەبەن ، کەچی دوای ١٣ رۆژ گیان لەدەستدەدا و لەرۆژی ٢٠٠٧/٣/٦ تەرمەکەی بۆ کوردستان دەهێننەوە .

## کوردێک لە پاش ئەشکەنجەدان ئازاد دەکرێ

وڵاتیەکی شارۆچکەی کفری بە ناوی (ع. م) کە بەمەبەستی مووچە وەرگرتن دەچێتە شآری (باقوبە)، پێش ئەوەی مووچەکەی وەربگرێت لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە دەیرفێنن و پارەو مۆبایلەکەشی لێدەستێنن و لەدوای دوو رۆژ زیندانی کردن ئازادی دەکەن.

# رابەری بزووتنەوەی ئیسلامی کۆچی دوایی دەکات



کاتژمێر ١٠ی رۆژی ١٧-٣-٢٠٠٧ مەلا عەلی عەبدولعەزیز رابەری بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان لە تەمەنی ٧٨ ساڵیدا شاری لەندەن کۆچی دوایی کرد.

ئەوەی شیاوی باسە رابەری بزووتنەوەی ئیسلامی ماوەی چەند مانگێک بوو بەهۆی نەخۆشیەکی کوشندەوە لەژێر چاودێری پزیشک لە نەخۆشخانەیەکی لەندەن دەرمان دەکرا ، سەرەنجام بەو نەخۆشیەوە ماڵئاوایی لە ژیان کرد .

مەلا عەلی کەسایەتێکی ناسراوی شاری هەڵەبجە بوو ، مامۆستا عوسمان عەبدولعەزیزی برای کە رابەری بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان بوو، لە دوایین مانگەکانی تەمەنی ئەوی لە شوێنی خۆی دانا، ئیدی لەو کاتەوە وەکو رابەرزی بزووتنەوە درێژەی بە کارەکانی خۆی داوە .

# لە بەغداد پێشمەرگە دەکوژرێن

هەواڵەکان : رۆژی ١٦-٣-٢٠٠٧ لە کاتێکیدا کاروانێکی پێشمەرگەکانی فەوجی یەکی سەر بە سوپای عێراق!! لەنێو گەڕەکی بەیاع تێپەڕ دەبن بۆمبێکی چێنراو لەژێریانەوە دەتەقێتەوە ، لە ئاکامدا یەکێک بەناوی ( لوقمان قادر رەحمان ) دەکوژرێ و چوار کەسی دیکەش بە ناوەکانی ( مەحمود شەبەک ، کامەران سلێمان ، عومەر سەعید و یونس سلێمان) بریندار دەبن .

بەگوێرەی هەواڵەکان هەر دەمودەست پێشمەرگەکان دەستڕێژی لە گومانلێکراوێک دەکەن و دەیکوژن .

سەرچاوەکانی هەواڵی نێوەخۆ رایانگەیاند کە رۆژی ١٦-٣ کوژراو برایندارەکان لە رێگەی ئاسمانیەوە رەوانەی فڕگەی هەولێر کراون .

# پەیامی پیرۆزبایی

**بەڕێز کاک عەلی حاجی**

**سەرۆکی پارتی کۆماری کوردستان**

**بەڕێزان ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی کۆماری و رێبوارانی رێگەی سەربەخۆیی**

**سڵاوی رزگاری و سەرخۆبوونتان لێ بێ!**

لە پێوەندی پازدەهەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی کۆماری کوردستان بە ناوی حزبی رزگاریی کوردستانەوە جوانترین و رازاوەترین پەیامی پیرۆزبایی پێشکەش بە ئێوەی بەڕێز دەکەین، دەخوازین هەرکات سەرکەوتوانە بەرەو پێشەوە هەنگاو بهاوێژن.

بەڕێزان! ئەمڕۆ لەکاتێکدا ساڵیادی دامەزراندنی پارتەکەتان دەکەنەوە کە گەلی کوردستان بە قۆناغێکی هەستەوەر تێپەڕ دەبێ، هەم رەوشی ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و سیاسی لە تەنگژەدایە هەم چونکە هەرێمی کوردستان بە عێراقەوە گرێدراوەتەوە، عێراقیش لەنێو گێژاوی شەڕێکی نێوەخۆی خوێناوی دژواردا تەکان دەدات، هیوای گێڕانەوەی ئاسایش و هێمنایەتی لە تراویلکە دەچێ، لە لایەکەوە هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانانی لەبەرانبەر ئەو رەوشەدا دۆشداماون و لە توانایاندانیە هێمنایەتی بۆ عێراق بگێڕنەوە و ئەگەری بە دیموکراسیکردنیشی سەختەو لە خەون دەچێ، لە لایەکی دیکەشەوە وڵاتانی عەرەبی دەیانەوێ بە زۆرەکی عێراق بە یەکپارچەیی بمێنێتەوەو ناسنامەی عەرەبی پێبدرێتەوە، ئەمەش لە بەرژەوەندی گەلانی ناوچەکەدا نیە. رەوشەکە وادەخوازێ کە دروستکردنەوەی عێراق لەسەر بنەمای راوێژی گشتی و مسۆگەرکردنی ماف و ئازادی تەواوی نەتەوەو پێکهاتەکانیەوە بێ، ئەگەرنا جگە لە هەڵوەشانەوە رێگەچارەیەکی دیکە لە ئارادا نامێنێتەوە، گەلی کوردستان و هێزە سیاسیەکانیشی دەبێ هەر لە ئێستاوە ئامادەکاری بۆ داهاتوو بکەن، پێوانەی ورد بۆ هەموو ئەگەر و گریمانەکان بکەن و هاوکێشە سیاسیەکانی هەرێمەکە و جیهان بخوێننەوە.

جاران بە ئەنقەست داخوازی رەوای نەتەوەکان دەشاردرایەوەو بانگەشەی برایەتی درۆیینی نێوان نەتەوەکان دەکرا، ئێستا لەسایەی بالاکردنی هۆشیاری نەتەوەیی و مرۆڤایەتی پەیامی وەکهەڤی نێوان نەتەوەکان هاتۆتە رۆژەڤەوە. مخابن ئێستا رەگەزپەرستانی عەرەب بە پاڵپشتی داگیرکەرانەوە دژی ماف و دەستەکەوتەکانی گەلی کوردستان پیلانی ژەهراوی دادەرێژن، هەڕەشە لە گەلەکەمان دەکەن، پرۆسەی ترساندن و تۆقاندن برەو پێدەدەن، دەیانەوێ جارێکی دیکە گەلی کوردستان لە بۆتەی عێراقێکی عەرەبیدا کۆت و زنجیر بکەنەوە، بۆیە پێویستە هەموومان یەکدەنگ و یەکهەڵوێست دژ بە پیلانەکانیان رابوەستین، دڵسۆزانەو راستگۆیانە لەپێناو پاراستنی دەستکەوتەکانی راپەڕین و قوڵکردنەوەی گیانی دۆستایەتی نێوان نەتەوەو پێکهاتەکانی ناوچەکە تێبکۆشین.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکەش سڵاو و پیرۆزبایی خۆمان دووپات دەکەینەوە و سەرکەوتنتان بە ئاوات دەخوازین.

**سڵاو لە رێبوارانی رێگەی سەربەخۆیی**

**سەرکەوێ خەبات لە پێناو کوردستانێکی سەربەخۆ و گەلێکی بەختیاردا**

**مەکتەبی پەیوەندیەکانی**

**حزبی رزگاریی کوردستان**

**١٨-٣-٢٠٠٧**

# سێ بەنداو لە هەرێمی کوردستان دروست دەکرێن

ماوەیەک بوو دەنگۆی ئەوە هەبوو کە گوایە تورکیا و ئێران بەنداو لە سەر رووباری دیجلەو سیروان دروست دەکەن ، بەمەش رێژەی ئاوی هاتوو بۆ کوردستان کەم دەبێتەوە ، بەڵام لەم رۆژانەی دواییدا هەواڵەکان لەسەر زاری دکتۆر رەشید لەتیف وەزیری سەرچاویەکانی حکومەتی بەغداد ئەو دەنگۆیانەی بە درۆ خستۆتەوەو ئاشکرای کردووە کە لە ساڵی داهاتوودا سێ بەنداو لە سەر رووبارەکان لە هەرێمی کوردستان دروست دەکرێن ، ئەو بەنداوانەش لە بێخمەو باسەرە دروست دەکرێن .

بەگوێرەی زانیاریەکان حکومەتی هەرێم ئامادەیی خۆی پیشانداوە بۆ زیندووکردنەوەی پرۆژەی بێخمە کە لەسەردەمی رژێمی بەعس هەنگاوی بۆ هەڵگیرابوو، بەڵام لە کاتی راپەڕین لەلایەن هێزە سیاسیەکانی کوردستانەوە دەستی بەسەرداگیراو ئاودیوی ئێران کرا کە بە دەیان ملیار دیناری چاپی سویسری مەزەندە دەکرا .

# بەهۆی لیستی ئەلعێراقیە ناکۆکی لەنێو کورد دروست دەبێ

سەرچاوەیەکی نزیک لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بە هەفتەنامەی رۆژی گەلی راگەیاند کە ئێستا بۆچوونی جیاواز لە نێو ئەندامانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان سەبارەت بە لیستی ئەلعێراقیە و خودی ئەیاد عەلاوی دروست بووە ، هەندێکیان پێیانوایە کە مالکی و لیستی ئیئتیلافی شیعە هیچیان بۆ کەرکوک و بۆ کوردستان نەکردووە ، تەنیا پرۆسەی خاپاندنیان بەرێوە بردوە بۆیە دەبێ هەوڵی رووخاندنی بدرێ و هاوپەیمانیەتێکی دیکە لەگەڵ لیستی ئەلعێراقیە و سوننەکان دروست بکرێ، کەچی ئەوانی دیکە پێیانوایە هاوپەیمانی کردن لەگەڵ عەلاوی واتای هێنانەوەی بەعسیەکان دەگەیەنێ، ئەمەش لەبەرژەوەندی کورد دانیە ، چونکە ئێستا هێزە سوننەکان و پاشماوەی بەعس کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم ئاسایی کردنەوەی رەوشی کەرکوک دروست دەکەن، ئەوان نایانەوێ ریفراندۆم بەرێوە بچێ .

بەگوێرەی هەمان سەرچاوە لیدوانەکانی فریاد رواندوزی وتە بێژی لیستی هاوپەیمانی کوردستان سەبارەت بە دوورە پەرێزیکردن لە لیستی ئەلعێراقیە هەندێ ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی نیگەران کردووەو وا وێنا دەکەن کە ئەوان لەبەر پۆستەکانی خۆیان داکۆکی لە کابینەی مالکی دەکەن و نایانەوێ کە عەلاوی بێتەوە سەر دەستەڵات .

سەرچاوەکە نیگەرانی خۆی لەو ناکۆکیە دیار کرد و پێیوابوو بە زیانی بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردستان تەواو دەبێ .

# چوار تەرم دەدۆزرێنەوە

هەواڵەکان : رۆژی ١٥-٣-٢٠٠٧ تەرمی دوو کەسی نەناسراو لەنزیک شارۆچکەی قەرەهەنجیر دۆزرانەوەکەدەستیان کەلەپچەکرابوو ، شوێنەواری ئەشکەنجەبەجەستەیانەوەدیار بوو ، بەگوللەکوژرابوو، هیچ ناسنامەیەکیان لەگیرفانیدا نەبووەبۆیەنازانرێ خەڵکی کوێن و بۆچی کوژراون . لەلایەکی دیکەشەوەرۆژی ١٤-٣-٢٠٠٧ تەرمی ژنێک و پیاوێک لەنزیک گوندی سیامەنسوری سەر بە ناحیەی لەیلان دۆزرابوونەوەکەناسراونەتەوە ، بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو دووکەسەخەڵکی چەمچەماڵن ، ژنەکەمێردی هەبووەبەڵام لەگەڵ ئەو پیاوەدا رایکردووە، بۆیەکوشتنەکەیان بۆ کێشەی کۆمەڵایەتی دەگەرێتەوەو لەپەنای کرینەوەی ناموس ئەنجام دراوە.

## چەند رێکخراوێکی پیشەیی هاوکاریان رادەگیرێ

بەگوێرەی ووتەی کارگوزارێکی رێکخراوێکی پیشەیی لەرانیە، بۆ دوومانگ دەچێ بوودجەی رێکخراوەکەیان لەلایان وەزارەتی رۆشنبیری راگیراوە،هەروەها بەهۆی ئەوەی کە کرێی دوو مانگیان نەداوە،خاوەنی بارەگاکەیان گوشاری بۆ هێناون، ئەمە وێرای خەرجیەکانی تر. کارگوزارەکە دووپاتی دەکاتەوە کە چەندین سەنتەرو رێکخراوی تریش وەک ئێمەیان لێهاتووە، بۆیە بڕیارمانداوە تاوەکو ١٥ی ئەم مانگە چاوەڕوانی بکەین ئەگەر چارەسەری گرفتەکەمان نەکرا ئەوا بارەگاکەچۆڵ دەکەین .

# هەواڵی سەیر

*لەکۆتایی مانگی شوباتدا ئەندازیارێک دوای تەواوکردنی مامەڵەی دامەزراندن و پشتگیری کرنی یەوە لەفەرمانگەی کارەبای چەمچەماڵ دەچێتەلای جێگری وەزیری پیشەسازی بۆ ئیمزاکردن لەسەر داواکەی. کەچی جەنابی جێگر لەبەرئەوەی حسابی لیستێکی دیکەی بۆ دەکات سەرەتا هەندێ قسەی پێ دەڵێ و دەیەوێ بڵێ ئەم پشتگیریە نایخوا. دواتر بەسکرتێرەکەی دەڵێ (گەمژەیە) تێیگەینەبەرێی کەن. کاکی ئەندازیاریش وەکو لەسەربانێک بەری دەنەوەدەحەپەسێ و دەر دەچێتەدەرەوە.

*رۆژی ٢٠٠٧/٣/٢ کاتژمێر ٣،٣٥ پاش نیوەڕۆ رادیۆی نەوا لەهەڤپەیڤینێکی پەروەردەیدا لەگەڵ سێ مامۆستای بەرێز کەنوێنەری یەکێتی مامۆستایان و وەزارەتی پەروەردەبوون کۆمەڵێ پرسیاری هەستیاری وروژاند کەوەڵامی هەندێکیان تەواو راکردن و ئاوەژوویان پێوەدیاربوو، چەند مامۆستایەک ویستیان پەیوەندی بکەن بەبەرنامەکەوەسەرەتا رادیۆکەپێیانی گوت پاش کەمێکی دیکە، لەدوای نیو کاتژمێر دووبارەپەیوەندیان پێوەکردن ووتیان با پرسیان پێ بکەن زیاتر لەخولەک لەسەر هێڵی تەلەفون رایان گرتوون دوایی ووتیان داوای لێبوردن دەکەین ئەو برادەرانە رازی نەبوونەوەڵامی خەڵکی دیکەبدەنەوە. بۆیەئەمانیش پێیان وتن ئەوە لەترسی ئەوەیە نهێنی زیاتریان لەسەر ئاشکرا نەبێ.

* رۆژی ٧/٣ لەچەمچەماڵ دوو بنەماڵەبەشەر دێن، یەکێکیان بەتەقەکردن هەڵدەکوتنەسەر لایەکی دیکە، کێشەکە لەسەر ئەوەبووەکەکوڕێکیان لەئەورووپا کوژراوەو کوڕێکی ئەمانی لەگەڵدابووەو ئێستا لەچاوەی ئەوانی دەزانن و هێشتا راستیەکانیش روون نەبووەتەوە. شایانی باسەئەمە یەکەم جارنیەکاری لەم بابەتە لەکوردستان روو دەدەات.

* لەناحیەی تەکێ رۆژی ٩/٣ عەرەبانەیەکی دەستی لە کابرایێک دەدا، ئەویش خۆی دەبورێنێتەوەوخەڵک لێی کۆدەبنەوە، دەیانەوێت بیبەن بۆ نەخۆشخانە، لەوکاتەدا یەکێک دەڵێت بۆچی عارەبانەش وا لەخەڵک دەکات؟ ئەمیش چاودەکاتەوەدێتەقسەدەڵێ ئەوەی لێی دام عارەبانەبوو یان سەیارەخەڵک دەڵێن عەرەبانەبوو، ئیتر ئەمیش یەکسەر هەڵدەستێ و خۆی دەتەکێنێ.

* لەفێرگەیەکی ئامادەیی شاری کەرکوک کەناوی (........) رۆژی ٣/١٢ دوو خوێندکاری کوڕ لەگەڵ دوو خوێندکاری کچ بەئۆتۆمبیلێکی تایبەت دەچنە سەیرانگەی قەرەهەنجیر، لەوی دەچنە شوێنێکی نهێنی یەوە، یەکێک هەستیان پێ دەکاو دەیانخاتەژێر چاودێریەوە، کاتێ ئەوان خەریکی خواردنەوەو کاری رابواردن دەبن ئەم تەلەفۆن دەکات بۆ پۆلیس و دین دەیانبەن.

* دوو گەرماو لەچەمچەماڵ هەیەیەکێکیان گەرماوی (سەردەم) کەزۆرپاک و خاوێنە، ئەوەی تریان کۆنەو هین کاتی رژێمە، ئەم کۆنەیان درا بەبرادەرێک چاکی بکاتەوەو پاشان بۆ شارەکە بەکاری بهێنن، ئەمیش تۆزێ بۆیاخ کاری تیاکردو ماوەیەکی کورت خستیەگەڕ، پاشان دای خستەوەو ئێستا ماڵەکەی بردۆتەناوی و کەسیش قسەناکات و هەقی نییە!